# بوونی کێشەی نێوان هاوسەران شیرازەی خێزانیی بەرەو نەمان دەبات

**پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بنەمای بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤە و هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خێزان و پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵگەیەکی تەندروست، بەڵام لە وڵاتانی پێنەگەیشتوودا هاوسەران کەند و کۆسپی زۆریان دێتە سەر رێگە و زۆربەیان ناتوانن بە ئاسوودەیی لە بنمێچی هاوسەریدا گوزەران بکەن، بەپێی ئاماری دادگاکانی تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی کێشە خێزانییەکان رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندایە.**



«زیاتر لە ٢٠ ســـاڵە لەم هەرێمە سیســـتمێك نەبووە لە رێی حوکمڕانییـــەوە کار بۆ پتەوکردنی شـــیرازەی خێزانی بکات، واتە دەســـەڵاتی هەرێم لە یەکـــەی خێزانی نەپێچاوەتەوە، بۆیە سیســـتمێك نەبووە تاکەکان بە دروستی پەروەردە بکات، بەڵکو لە ژێر رەحمەتی دایك و باوکەکان پەروەردە بوون، لە ئێستاشـــدا بە حوکمی ئەوەی دایك و باوکەکان زیاتر لە دەرەوەن، جیلێکیان درووست کردووە کە بایەخ بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی هاوبەش نادەن، بۆیە زۆربەی هاوسەران لە بۆشاییەکی گەورەی رۆحیدا دەژین، خەونەکانیشیان هەمووی سڕاونەتەوە».

ئەوە دەســـتپێکی قســـەکانی رازاو عەبدول بوو. ئەو خاتوونە پارێزەری راوێژکارە و ئاماژە بەوە دەکات کە «ســـەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی رووبەڕووی خێزانەکان بووتەوە، بازاڕێکی هەرزانی سێکسفرۆشـــی لە دەرەوەی خێزانـــەکان بە رێژەیەکی زۆر بوونی هەیـــە، ئەویش بە هۆی هاتنە ناوەوەی ئافرەتان لە دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان، کە وایکردووە بەشێك لە پیاوانی خاوەن هاوسەریش تووشی لادان و خیانەتی هاوسەری بکات». گوتیشی: «لە ئێستادا کۆمەڵێ لە جۆرەکانی زەواج لە هەرێمی کوردســـتان ئیجتیهادی پێکراوە، چەندین گرێبەستی هاوسەریم لە ناو دادگای ســـلێمانی بینیوە کە ئافرەت بە ملیۆنێك دینار مارەکراوە، گرێبەســـتەکەش هەر سێ مانگ تا شەش مانگ بەردەوامی دەبێت و گرێبەســـتێکی هەمیشەیی نابێت، تەنانەت زەواجـــی کاتی بەپێـــی مەزهەبی خۆمان کە ســـوننەیە رێگە پێنەدراوە، کە چی لە ئێستادا خەریکە بە شەرعی و بە یاساییش دەکرێ، ئەوەش واقعێکە خوڵقاوە، لەبەر ئەوەی خێزانەکان ناتوانن باری ئابوورییان هاوســـەنگ بکـــەن و ناتوانن درێژە بە ژیانی ژن و مێردایەتی بدەن، بۆیە پەلاماری شـــتەکانی دیکە دەدەن، لە هەمان کاتیشدا یاسایەکی توندوتۆڵمان نییە کاتێك ژن و مێردێك دەچنـــە نێو دادگاکانـــەوە، پێش ئەوەی رێوشـــوێنی جیابوونەوە بگرنەبەر، هەوڵی چاکسازی و یەکخســـتنەوەیان بـــدات. تەنیـــا یاســـا کۆنەکانن کە لەگەڵ رەوتـــی ئەمڕۆی کۆ مە ڵگە کە مـــا ن ناگونجێ.»

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەو پارێزەرە راوێژکارە چارەسەر لە بوونی دامەزراوەیەکی چاکسازی دەبینێتەوە و رایوایە: «ئەگەر ئۆرگانەکانی مەدەنی و دەسەڵاتی حوکمڕان نییەتیان هەبێ، دەتوانن کاری زیاتر بۆ پاراستنی بەهاکانی خێزانی بکەن. چاکسازی کۆمەڵگە بەگشتی لە بەرچاو بگرن و یاسایەکیشی بۆ دابڕێژن. بۆ ئەوەش پێویستە پلانی جێبەجێکردنیان پێشتر بۆ دانابێت، تا بتوانن لەناو کۆمەڵگە جێبەجێی بکەن. ئاشکرایە لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێ یاسا گۆڕاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی بۆ نەڕەخساوە، یاساکان وەك خۆی جێبەجێ ناکرێن، بۆ نموونە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، کاتێك ژن و منداڵ پەنای بۆ دەبەن، بەپێچەوانەوە کێشەکانیان زیاتر دەبێت، واتە ئەو یاسایە نەیتوانیوە ئافرەت و منداڵی سکاڵاکەر بپارێزێت، لە کاتێکدا بۆ ئەوە دروست بووە منداڵ و ئافرەتان بە سەربەرزی و بە کەرامەتەوە لە دادگا بچنە دەرەوە و کێشەکەیان چارەسەر بکرێت، نەك بەپێچەوانەوە بکەونە سەر شەقامەکان».

شیلان بیبانی شرۆڤەکاری ئابووری و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی کار، سەرەتا باسی ئەوە دەکات، ئابووری (ئیکۆنۆمی) بە مانای ماڵداری دێت، واتە وشەکە مەبەستی ئەوە دەگەیەنێت کە ئابووری بە تەواوەتی کاریگەری لەسەر ئاستی ماڵ و خێزان دەبێت، گوتیشی: «ئەم قەیرانە ئابوورییە سەختەی ئێستای وڵات بە هۆی نەمانی داهاتی خێزانی، یاخود کەمبوونەوەی داهاتی تاك وایکردووە بە تەواوەتی بژێوی ژیان بۆ ئەوپەڕی سەختی بڕوات، چونکە لە وڵاتی ئێمە زۆربەی خەڵك مووچەخورن و کێشەی ئابووریی وڵات و پێنەدانی مووچە وایکردووە تێکرای بازاڕ و پڕۆژەکان و بەتایبەت گوزەرانی ژیانی خێزان روو لە ئاڵۆزی و بارگرانی بکات».

بیبانی ئەوەشی خستەڕوو کە «لە عێراقدا ١٤٪ کەمبوونەوە لە داهاتی تاك هەیە، هەر کات رێژەی داهاتی تاك روو لە کەمبوون بکات، ئەوا ئەو وڵاتە بەرەو هەژاری و بێکاری دەڕوات و کێشە خێزانییەکانیش زیاد دەکەن، گوتیشی: «دوو فاکتەر وڵات و تاك و خێزان تێکدەشکێنن، یەکەم جەنگ و ئەویتر ئابوورییە، بەداخەوە ئێستا کوردستان لەبەردەم ئەم دوو حاڵەتەیە، بێگومان خێزانیش قوربانی یەکەمن و هەر لەم ساڵەدا رێژەی هەژاری و بێکاریش زیادی کردووە، بە دڵنیاییەوە بڕبڕەی راگرتنی خێزان و ماڵ بریتییە لە ئابووری، هەرکات داهات نەما و ئابووری خێزان رووی لە کزی کرد, ئەوکات گەورەترین کێشە دروست دەبێت لەناو خێزاندا و کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر دەروونی هەر یەك لە تاکەکانی ئەو خێزانە، ئابووری تاکیش پابەندە بە ئابووری وڵاتەوە، هەرکات ئابووری وڵاتێك بڕوخێت، ئەوا راستەوخۆ ئابووری تاکیش روو لە داڕووخان دەکات، کە لەوانەیە لێکتێنەگەیشتن و ناتەبایی و زۆر کێشەی خیزانی دروست بێت لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموار.

سیروان رەسوڵ بەرپرسی ناوەندی لاوانی دیانا، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی پێوەندی نێوان هاوسەران لە قەیراندایە و ئاماری جیابوونەوەکان بەرز بووەتەوە؟ دەڵێت: «پێش هەموو شتێك پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە کە هەردوو رەگەز لەسەر بنەمای رێز و سۆز و خۆشەویستی بڕیاری لەسەر دەدەن و مەرجە لەسەر ئەو بنەمایە خێزانێکی بەختەوەر پیکەوە بنێن و بە هۆشیاری بڕیار لە سەر ئایندەی خێزانەکەیان بدەن.» سیروان فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان هاوسەران بۆ هۆکارگەلێك دەگەڕێنێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە مەزەندەی زۆربەی لێکۆڵەران هۆکاری سەرەکیی کێشەی خێزانی بریتین لە جیاوازی ئاستی تەمەن، زۆر زەحمەتە دووکەس بتوانن بگونجێن کە جیاوازیەکی زۆر لە ئاستی تەمەنیان هەیە، گوتیشی: «بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە رۆژگاری ئەمرۆشدا ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێت و کچێکی تەمەن بچووك بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێك، یاخود پیاوێك دەدات کە تەمەنێکی زۆر لەو گەورەتری هەیە، ئەوەش رەنگە بەرژەوەندییەکی لە پاڵەوە بێت و پاڵنەرێك هەبێت کە ئەو پرۆسەیە لەو شێوەیە بنیاد بنرێ، کە بێگومان ئەنجامی خراپی بەدواوە دەبێت و زۆر جار ناپاکیی هاوسەری لێدەکەوێتەوە و لە کۆتاییدا یان جیابوونەوەیە، یان لەوانەیە کۆتایی هێنان بە ژیانی کەسێکی لێکەوێتەوە. هەروەها ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری یەکێك لە هۆکار و بنەما هەرە گرنگەکانی پێکەوەژیانە، ئەگەر ئەو ئاستە لێك نزیك نەبێت و نزمی و لێك تێنەگەیشتنی تێدا بێت، ئەوا مەحاڵە ئەو ژیانە سەربگرێت.» ئەو چالاکە مەدەنییە جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەرچی هیچ خێزانێك لە کێشە و گرفت بەدەر نین، بەڵام ئەگەر هەردوولا ئاستی رۆشنبیرییان بەرز بێت، ئەوا بەسەر کێشەکاندا زاڵ دەبن و چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، ئەگەر بە پێچەوانە بێت، ئەوا کێشەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنێ و لە کۆتاییدا رەنگە بە لێکترازان و جیابوونەوە کۆتایی بێت.»

کۆمەڵناس رەحمان عەلی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆرجار لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرێبەستی هاوسەرگیری لە قۆناغێکی یەکجار زووی تەمەن ئەنجام دەدرێت، کە هەردوولا شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە نییە، گوتیشی: «تاکی ئێمە فێر نەبووە لە ئاست ئەرکەکانیدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت، بەتایبەتی لە بواری هاوسەرێتی کە رەنگە لایەنە سێکسییەکە زیاتر زاڵ بێ بە سەریاندا و دوای ماوەیەکی کەم لە یەکتر تێر دەبن، ئەوکات کێشەکان دەردەکەون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خێزان نیمچە هەڵوەشانەوەیەکی بە بەردا کراوە، چونکە تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر خێزانەکاندا کێشاوە و خێزان ناتوانێ بە ئەرکەکەی خۆی هەڵبستێ و ئەوەی لەسەریەتی بە تەواوەتی ئەنجامی بدات، واتا هاوسەرەکان ئەوەندەی سەرقاڵی تەکنەلۆژیان، ئەوەندە ئاگاداری ژیانی هاوسەری خۆیان و منداڵیان نین و بە مەرج و بەڵێنەکانیان پابەند نابن، لەم نێوەندەدا ناپاکی هاوسەری سەرهەڵدەدات، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا بە هۆی چەندین هۆکارەوەوە پیاوان زیاتر ناپاکی لە ژنەکانیان دەکەن. ئاشکرایە بۆ ئەوە هاوسەرگیری دەکرێ تاوەکو بە یەکەوە ژیان هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەردەوامی هەبێت، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆری هاوسەران لە تەنگەژەیەکی گەورەی دەروونی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیان بەسەر دەبەن».

**هاوسەرەکان ئەوەندەی سەرقاڵی تەکنەلۆژیان، ئەوەندە ئاگاداری ژیانی هاوسەری خۆیان و منداڵیان نین و بە مەرج و بەڵێنەکانیان پابەند نابن**

**هۆکاری سەرەکیی کێشەی خێزانی بریتین لە جیاوازی ئاستی تەمەن، زۆر زەحمەتە دووکەس بتوانن بگونجێن کە جیاوازیەکی زۆر لە ئاستی تەمەنیان هەیە**

**زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەم هەرێمە سیستمێک نەبووە لە رێی حوکمڕانییەوە کار بۆ پتەوکردنی شیرازەی خێزانی بکات**

**یاسایەکی توندوتۆڵمان نییە کاتێک ژن و مێردێک دەچنە نێو دادگاکانەوە، پێش ئەوەی رێوشوێنی جیابوونەوە بگرنەبەر، هەوڵی چاکسازی و یەکخستنەوەیان بدات**

# تا چەند کار بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تایـــ

**پەرلەمانی کوردستان لەماوەی سێ خولی کارکردنیدا سێ یاسای لە بەرژەوەندی ئافرەتان هەموارکرد، (یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای بەکارهێنانی مۆبایل)، چالاکانی بواری مافی مرۆڤیش بە لەبەرچاوگرتنی نەریت و کەلتووری کۆمەڵگە ئەو یاسایانە بە دەستپێکی هەنگاوونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن هەژمار دەکەن، هاوکات نیگەرانی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە هێشتا وەکو پێویست ئەو یاسایانە جێبەجێ ناکرێن. وەڵامی ئەو پرسیارەش کە دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان تا چەند کاریان بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەئافرەتان کردووە؟ لەبەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەردەگرین.**

**جگە لە حکومەت ئەرکی رێکخراوە ناحکوومییەکانیشە هانی کۆمەڵگە بدەن، بۆ ئەوەی رێز لەیاسا بگرن و کار بۆ بەسیستەمکردنی کۆمەڵگە بکەن**

**باشترین ماف بۆ ئافرەت ئەوەیە مووچەکەی هاوتا بکرێت، بۆ ئەوەی بەبێ منەتباری بژی**

**چەندان پەرلەمانتاری ئافرەتمان هەبووە، هەوڵی چاککردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئافرەتیان نەداوە**

**پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی هەبێت لەرووی مادییەوە و ئاسانکاری بۆ داهاتی گەورە کچان تێدابێت، بۆ ئەوەی چیدی چاو لە دەستی ئەندامانی خێزانەکەیان نەبن و بە چاوی سەربار سەیر نەکرێن**

### ● جێبەجێنەکردنی یاساکان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە

مافپەروەر سلێمان ڕەشید، لە لێداونێکیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە پرسی سستیی لە جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەئافرەتان دەڵێت: «پێویستە لەکاتی قسەکردن لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان هیچ جۆرە جیاکردنەوەیەك بۆ یاساکان نەکرێت، بەوەی کە ئەم یاسایە تایبەتە بەئافرەتان یان نا، سستی لە جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی یاساکانیش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی یاسا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر ئاستەمە، چونکە کەلتووری جێبەجێنەکردنی یاسا بەشێکە لەنەریتی کۆمەڵگەی ئێمە، بۆیە تائێستا جێبەجێکردنی یاسا لەناو کۆمەڵگەدا نەبۆتە کەلتوور، ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر خێزانێك کێشەیەکیان هەبێت، نایبەنە دادگا و خۆیان لەناو خۆیاندا کێشەکەیان چارەسەر دەکەن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە مەبن خوشکێك بچێت بۆ دادگا و سکاڵا لەسەر براکەی تۆماربکات، یان دایکێك سکاڵا لەسەر کوڕەکەی یان هاوسەرەکەی تۆماربکات، چونکە کۆمەڵگە نەفرەتی لێدەکات و ئەو کەسەش لە نەریتی کۆمەڵایەتی دەترسێت، بە بڕوای من ئەمانە هەمووی دەرئەنجامی نەریتی کۆمەڵایەتین و وایکردووە بەیاسا زۆر ئەستەمە چارەسەر بکرێن».

### ● یاسای گرنگمان هەیە، بەڵام سزای کەسی بەهێز نادات

سلێمان ڕەشید هێمای بۆ ئەوە کرد کە سێ یاسای زۆر گرنگی تایبەت بەئافرەتان لەسێ خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا هەموارکرانەوە، لەوانە: یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای بەکارهینانی مۆبایل، گوتیشی «دەتوانرێت ئەو یاسایانە گەر لە ناوەندەکانی دادوەری و دادگاکان جێبەجێ بکرێن، سوودی زۆریان بۆ ئافرەتان دەبێت».

بەشێکی زۆر لە یاساناسان دارشتنەوە و هەمووارکردنەوەی یاساکان بە هەنگاوێکی زۆر ئەرێنی دەزانن. ئەوەتا، پارێزەر کامیل لەتیف دەڵێت: «هەموارکردنەوەی یاسا زۆر پێویست و کارێکی ئیجابییە، چونکە دەبێت یاسا لەگەڵ کێشەکانی خێزان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بگونجێت، بەلام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان دادگای تایبەتمەندی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان هەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوی کە پێویستە پەرلەمان لەدوای هەموارکردنی یاساکان بەدواداچوونی جددییان بۆ بکات».

### ● بەدواداچوونی جددی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکراوە



ئەو پارێزەرە ڕایوایە جێبەجێکردنی یاسا ئەوەندە کارێکی سانا نییەو پێویستی بەکۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە، لەوانە شیاندنی کۆمەڵگەو فەراهەمکردنی ئابووری و زەمینەخۆشکردنی کۆمەڵایەتی، گوتیشی «پەرلەمان تەنیا یاسا دەردەکات و بەدواداچوونی جددی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکردووە، حکومەتیش لە جێبەجێیکردنیان سستی دەکات».

سەبارەت بەو یاسانەش کە تایبەتن بە ئافرەتان، گوتی: «ناتوانین بڵێین یاساکانی تایبەت بە ئافرەتان جێبەجێنەکراون، چونکە خەڵك هەیە بەهۆی پێشێلکردنی یاسای باری کەسی دەستگیرکراوە، بەڵام سستی لەجێبەجێکردنی یاساکاندا هەیە.»

### ● پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی بۆ داهاتی گەورە کچان هەبێت

توێژەری کۆمەڵایەتی عەلی عەزیز، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بە کۆمەڵێك بنەماوە بەندە، یەکێك لەوانە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە پەرلەمان و حکومەت تەنیا بیر لە دەرکردنی یاسا دەکەنەوە، نەك دروستکردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئافرەتێك لە گوندێکی دوورەدەست هیچ زانیارییەکی لە سەر یاسا و مافەکانی نییە، بۆیە لەو یاسا

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ـــبەت بەئافرەتان کراوە



سوودمەند نابێت، یان ئافرەتێك لە گەڕەكێكی ناوشار دەژی، بەڵام باری ئابووری ناوازەیەو هیچ داهاتێكی نییە، ناتوانێت لەكاتێكدا كە تووشـــی توندوتیژی دەبێت، سكاڵا لەسەر مێرد، یـــان برا، یان باوكی تۆمـــار بكات». ئەو توێژەرە لە درێژەی قسەكانیدا جەختی لەوە كردەوە كە «هەتا ئێستا حكومەت بەرنامەی بۆ گەورەكچان نییە»، گوتیشـــی: «پێویستە حكومەت بەرنامەیەكی باشی لەڕووی ماددییەوە هەبێ و ئاسانكاری بۆ داهاتی گەورە كچان هەبێت، بۆ ئەوەی چیدی چاو لە دەستی ئەندامانی خێزانەكەیان نەبن و بە چاوی سەربار سەیر نەكرێن». عەلی عەزیز ئەوەشی دووپاتكردەوە كە «وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی لەچەند ســـاڵی رابردوودا دەیانجار ئەوەی باســـكردووە كە هەوڵدەدەن كە مافـــی تاكی خێزانەكان جێبەجـــێ بكەن، كەچی تەنیا بۆ ژمارەیەكی كەم لە ئافرەتانی هەژار كە هیچ داهاتێكیان نییە، ١٥٠ هەزار دیناری تەرخان كردووە، ئایا كەس بەو بڕە پارەیـــە دەژی؟ بۆچی بیر لەوە نەكراوەتەوە كە مووچەی ئـــەو ئافرەتە هەژارانە زیاد بكرێت؟». گوتیشـــی «باشـــترین مـــاف بۆ ئافرەت ئەوەیە مووچەكەی هاوتا بكرێت، بۆ ئەوەی بێ منەتباری بژی».

ئـــەو توێـــژەرە گلەیـــی لەپەرلەمانیـــش دەكات و دەڵێت: «پەرلەمانتـــاران بۆ جارێـــك نەچـــوون بەدواداچوون لەو شتانەبكەن، چەندان پەلەمانتاری ئافرەتمان هەبووە، هەوڵی چاككردنی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی ئافرەتیان نەداوە، گوشارێكیان بۆ حكومەت دروست نەكرد، كە كار بۆ قەیرە كچان بكات». گوتیشی: «جێبەجێكردنی یاسا پێویستی بـــە زەمەنێكی زۆر هەیەو لەم قۆناغەدا جگە لە حكومەت ئەركی رێكخراوە ناحكوومییەكانیشی هانی كۆمەڵگە بدەن، بۆ ئەوەی ڕێز لە یاســـا بگرن و كار بۆ بەسیســـتەمكردنی كۆمەڵگە بكەن».



# بەسەرهاتی بەنازی بێناز و شانازی کڵۆڵ

**کچێك لەلایەن کوڕە ئامۆزایەکی خۆیەوە کوژرا». هەواڵی لەو جۆرە ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی نامۆ نییە و زۆر جار کوشتنی ئافرەتێك لەلایەن هاوسەر و باوك و برایەوە بەر گوێمان کەوتووە، بەڵام ئافرەتی بێدەرتان و لێقەوماویشمان هەبووە، کە لەلایەن خزمانی بەرەبابییەوە بە بیانووی نامووس کوژراوە. ئەو تاوانە نەگریسانە هیچ یاسا و شەرع و ئایینێك ڕێی پێنەداوە، کەچی هەندێك پیاوی نەریتپەرست و دەمارگرژ، بۆ کوشتنی ئافرەت بە بیانووی جۆراوجۆر سەرکێشی دەکەن و سنووری یاسا و ڕێساکانیش دەبەزێنن. بەناز و شاناز دوو خوشکی خۆشی نەدیوی کوردن کە لە تەمەنی چوار و پێنج ساڵانەوە لە نازی دایك و باوك بێبەش دەبن. باوکیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەکوژرێ و دایکیان شوو دەکاتەوە، دواتر دەکەونە ژێردەستی مام و ئامۆژن و دوای گەیشتن بە تەمەنی گەنجی بەناز لەلایەن ئامۆزاکەی بە بیانووی نامووس دەکوژرێت، شانازیش لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەك لە پیاوێکی بە تەمەن مارە دەکەن . کەسوکاری ئەو دوو خوشکە لەو بارەیەوە زانیاری زیاتر بە خوێنەرانی گوڵان دەدەن.**

نەجیبەی تەمەن تەمەن (٥١) ساڵ، پووری بەنازە و دوای ماوەی ساڵێك لە کوشتنی ئەو کچە هێشتا ڕەشپۆشە. کاتێك باسی چۆنیەتی کوشتنی بەناز دەکات، خەمێکی قووڵ دایدەگرێ و لەگەڵ هەڵوەراندنی فرمێسکەکانیدا دەڵێت: «ئەو کچە هیچ تاوانێکی نەبوو، کوڕەکە بە زۆرەملێ دەستدرێژی کردبووە سەری، کوشتنەکەشی ناحەق بوو». وەك باسیکرد «شاناز و بەناز لە تەمەنی چوار و پێنج ساڵی بوون، باوکیان لەسەر هێنانی دەبەیەك نەوت لە بازگەیەکی ڕژێمی بەعسی فەوتاو، بە نەوتەکەی خۆی سووتێندراوە، دوای ماوەیەك لە نەخۆشخانە لە بەر سەختی برینەکەی گیانی لە دەستداوە. دایکیان لەبەر نەبوونی بژێوی ژیانی، هەر دوو کچەکەی ڕادەستی مامیان کردووە و خۆی شووی کردووەتەوە. شاناز و بەناز لەلای مامیان تاچەند بڵێی لە ژیانێکی ناخۆش و زەلیلی بوون، حەسرەتیان کراسێکی جوان بوو، ئامۆژنیان هەموو کاروباری ناو ماڵەوەی پێ دەکردن، بە پاساوی ئەوەی کچن، نەخراونەتە بەرخوێندن». نەجیبە بەمجۆرە باسی ژیانی ئەو دوو خوشکەی کرد: «هەندێ جار خۆم سەردانیانم دەکرد، ئامۆژگاری هەر دووکیانم دەکرد، بە ئامۆژنەکەشیانم دەگوت ئەو کچانە هەتیون، دەبێ نازیان هەڵبگری و بەجوانترین شێوە پەروەردەیان بکەی، چونکە ژیانیان لە ئەستۆی ئێوەیە. شاناز هەندێ جار سەردانی دەکردین، باسی لە خراپی مامەڵەکردنی ئامۆژنەکەیان دەکرد، گوایە زۆری ئازار دەدان، منیش دڵنەواییم دەکردن. مامیان لە بەرامبەر ژنەکەی هیچ هەڵوێستێکی نەبوو، پێیوابوو ئەوە پەروەردەیە و دەبێ پابەندی بن. شاناز و بەناز لەگەڵ ئەوەی بێ دایك و باوك بوون، بەڵام لە ناخەوە خاوەن ئاکار و ڕەوشتی زۆرجوان بوون. خۆیان لە هەموو ناپاکییەك دەپاراست. کچە ئامۆزاکانیان ئیرەییان پێ دەبردن. جارێك بەناز لای من باسی ئەوەی کرد کە کوڕی خوشکی ئامۆژنەکەی دەیەوێ پێوەندی لەگەڵ ببەستێ، بەڵام ڕەتی کردووەتەوە، گوتی: بەردەوام سەردان دەکات و نیازی خراپی هەیە، ئەو کوڕە ناوی دانا بوو، کەسێکی سەرەڕۆ و بێ کەسایەتی بوو. کاری بێ سەروبەری دەکرد. لەبەر ئەوەی بەناز جوانتر بوو لە شاناز، مرخی خۆی لێدابوو، دەیویست دەستی ناپاکی لێ بوەشێنێ. بۆیە بەناز دەترسا، بەڵام لە ترسی ئامۆژنی قسەی نەدەکرد، چونکە کوڕی خوشکی بوو. شاناز ئاگاداری ئەوە بوو، هەموو ڕووداوەکانی لام باس دەکرد، گوتی: دانا وازی نەهێنا، بۆیە بەناز ناچار بوو لای مامی سکاڵا بکات، بەڵام ئەو بەتوندی ڕەتی کردەوە، گوتی: «دانا کەسێکی باشە و خۆی سروشتی بەم شێوەیە. ئەوەی دەیناسێ، دەزانێ نییەتی پاکە». ئامۆژنەکەشی کە ئەوەی بیست، گوتی: بەناز ئەوە کوڕی خوشکمە، بوختانی پێ نەکەی، مافی هەیە بەردەوام سەردانمان بکات، ئەو کوڕێکی دەوڵەمەندە و پێویستی بەتۆ نییە، ئەوە دواجارە ئەو جۆرە قسانە دەکەی، بەڵام بەناز بەردەوام لە دڵەڕاوکێ بوو. ڕۆژێك ماڵی مامی بەناز بەسەردانێك دەچنە ماڵی خزمێکیان، دانا ئەوە بە دەرفەت دەزانێ، بەناز لەگەڵ کچە مامەکەی لە ماڵەوە دەبن، دانا داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێ دەکات، بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە، گوایە ئەو لە ژێردەستی ماڵی مامی ئەمانەتە، نابێ خیانەتیان لێ بکات، بۆیە دانا پەلاماری دەدا و دەست دەکا بەماچکردن و سەردەکێشی بۆ شتی تر لە ئەنجامدا کچێنی لەدەست دەدات، داناش ڕادەکات، کچە مامەکەشی ئاگاداری ئەوە دەبێ، بەڵام لەبەر سەرکێشی دانا ناتوانێ هیچ بکات، دەبێتە شاهێد لەسەر ئەو ڕووداوە، بەناز تا دوو ڕۆژ لەبارێکی دەروونی خراپ دەژی، خواردنی بۆ ناخورێ، نازانێ چۆن ئەو ڕووداوە بۆ مامی ئاشکرا بکات. مامی هەست بە خراپیی باری دەروونی بەناز دەکات و پرسیاری لێ دەکات، ئەویش دوای ماوەیەك بە ڕاشکاوی چۆنیەتی دەستدرێژی دانای بۆ باس دەکات و دەڵێت کچەکەشی شاهێدە، دواتر دەبێتە کێشەیەکی گەورە و ماڵی دانا ڕایانگەیاند بەناز کاری خراپی لەگەڵ دانا کردووە، بە خواستی خۆی بووە، بۆ داپۆشینی ئەو تاوانە بڕیاردەدەن بەناز لەو کوڕە مارەبڕ بکەن، بەڵام بەناز ڕەتیدەکاتەوە، مامی دەڵێ تۆ ئابرووت بردین، بەنیازی چیت؟ بەناز داوای تۆڵەکردنەوەی ئەو تاوانەی لە مامی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی دانا کوڕی خوشکی هاوسەرەکەی بوو، دەترسا و ئەو پێشنیارەی بە توندی ڕەتکردەوە، هەڕەشەی کوشتنیشی کرد. بەناز پێیوابوو دانا کەسێکی ناپاکە و کچایەتی لێ سەندووە و تاوانی بەرامبەر ئەنجام داوە، بۆیە ناتوانێ ژیانی هاوسەری لەگەڵ درووست بکات، ماڵی داناش ئامادەبوون بەو پێشنیارە و هەموو شتێ بۆ بەناز بکەن. بۆیە مامەکانی کۆبوونەوە، لە ژێرفشار و هەڕەشەدا بەناز ناچار بوو پەنا بۆ ماڵی کەسایەتیەکی خاوەن عەشیرەتێکی گەورە بەرێ، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەناوخەڵك بەڵێنیان لە سەرۆك عەشیرەتەکە وەرگرت، کە ژیانی بەناز پارێزراو بێ، بەڵام دوای دوو ڕۆژ لە گەڕانەوەی بە پاساوی کڕینەوەی شەرەف بەدەستی کوڕەمامێکی بە چەك کوژرا. ئامۆزاکەشی لە ترسی یاسا بۆ شوێنێکی نادیار ڕای کرد. دواتر دانا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. ماڵی مامی بەناز لە بەرامبەر ئەوە داوای پێنج دەفتەر دۆلار دەکەن، ئەو بڕە پارەیە وەردەگرن، بەنازی بێتاوان ئارەوزوەکانی دەباتە ژێرگل، لە ترسی دووبارەبونەوەی ئەو ڕووداوەش شاناز لە بەرامبەر بڕە پارەیەك بە پیاوێکی بەتەمەن دەدەن، کوڕە مامەکانیشی بە خوێنی بەناز و شیربایی شاناز خانوو دەکڕن».

**«بەنازی بێتاوان ئاواتەکانی بردە ژێر گڵ، شانازیش لە بەرامبەر بڕە پارەیەک بە پیاوێکی بەتەمەن فرۆشرا»**

**«باوکی بەناز و شاناز لەسەر هێنانی دەبەیەک نەوت لە بازگەی ڕژێمی بەعس بە نەوتەکەی خۆی سووتێندرا»**

# بایەخنەدان بەتەندروستی کچان هەڕەشە لە سەر ژیانیان دروست دەکات

**هەندێ لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە وڵاتە دواکەوتووەکان و تەنانەت لە وڵاتانی تازە گەشەکردووشدا زیاتر گرنگی بە تەندروستیی کوڕان دەدرێ و تەندروستی کچان زۆرجار پشتگوێ دەخرێت، ئەم جۆرە جیاوازی کردنەش زیاتر لە ناو خێزانەکانەوە دەستپێدەکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێگەی یاساوە دەکرێت زیاتر بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی ئافرەت و باری تەندروستییان بدرێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**پێویستە لە کوردستانیش وەک وڵاتانی پێشکەوتوو سندوقێکی تایبەت بۆ گرنگیدان بە تەندروستیی ئافرەتان تەرخان بکرێت**

د. فەیسەڵ بلّباس پزیشکی پسپۆڕ لە پزیشکی دادوەری، لە دەستپێکی ئاخافتنەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی ئەوە دەکات کە مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە شاهیدی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نەریتی و نێرسالاری لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا تەژی بووە لە جیاکاری رەگەزی و جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا کراوە. وتیشی: «لە کۆمەڵگە خێڵەکی و کشتوکاڵییەکاندا، چ لەبەر دواکەوتوویی و نەخوێندەواری بووبێ، یان لەبەر ئەوەی کوڕ زۆرتر توانای بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی خێزان و بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی بووە، لە میراتی باوانیش لە کچ زیاتر پشکی هەبووە. واتە هەمیشە کوڕ پتر ویستراو بووە و کچ لەماڵە باوان وەکو میوانێکی کاتی تەماشا کراوە و بۆ خەڵکی لایدە بەخێوکراوە، بەڵام لە کۆمەڵگە رۆژاواییەکاندا دوای بڵاوبوونەوەی خوێندن و ڕێگەدان بەکارکردنی مێینە و سەرهەڵدانی مافی ژنان و یەکسانی رەگەزی و مافی مرۆڤ بەگشتی، ئەو جیاکارییە جێندەرییە بە ڕادەیەکی بەرچاو نەما».

د. فەیسەڵ بلّباس ئاماژە بەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگە نەخوێندەوار و دواکەوتووەکانی رۆژهەڵاتدا هێشتا کەلتووری جیاوازی رەگەزی بە شێوازی جیاجیا پەیڕەو دەکرێ، بۆیە سەیر نییە ئەگەر لە لایەنی تەندروستی و چارەسەرکردنیشەوە ئەو جیاکارییە لە نێوان کچان و کوڕانی ناو یەك خانەوادەدا بکرێ، چونکە هێشتا هاتنی کچ بۆ ناو خێزانی رۆژهەڵاتی ئەوەندە جێی خۆشی و شادی نییە وەك هاتنی کوڕ. لەبەر ئەوە پشتگوێخستنی نەخۆشی و نالەباریی تەندروستی کچان و بایەخنەدان بەو لایەنانە لەلایەن باوانەوە بوونی هەیە و زۆریش ڕێی تێدەچێ». وتیشی: «لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆماندا بە ئاشکرا دیارە کە خوشك دەبێ لە پێناو برا خۆ بەخت بکات و تا برا هەبێ خوشك پلە دووە، ئەوە نەك هەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو لە بەدیهێنانی ماف و دەستکەوتنی پێداویستییەکانی رۆژانەشدا وایە، تەنانەت لە دەستەبەرکردنی چارەسەری پزیشکی و گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی و خۆشگوزەرانیش تا کوڕ لە مەیداندا بێ، کچ نابێ داوای هیچ بکات.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ڕێژەی زیاتر مردنی منداڵی مێینە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەڵگەیە بۆ جیاکارییە رەگەزییەکان».

**دانانی یاسای تایبەت بە قەدەغەکردنی جیاوازی رەگەزیی و پاراستنی مافەکانی ژن و منداڵان، ڕێگری لە پەیڕەوکردنی کەلتووری جیاوازیکردن لە نێوان نێرینە و مێینە دەکات**

کۆمەڵناس روڤیا رەمەزان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی کۆرپەلەکان پێش لە دایکبوونیان بە هۆی کچ بوونیانەوە لە بار دەبرێن، یان وەك پێویست چاودێری ناکرێن و لە تەمەنی ساواییدا گیان لە دەست دەدەن، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە نرخ و بەها بۆ تەندروستیی منداڵی کچ دانادرێت و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دنیای هەڵاواردن و جیاوازی رەگەزی ئاشنای دەکەن، دواجاریش لەگەڵ بێڕەحمیی کۆمەڵگە و خێزان ڕووبەڕوو دەبنەوە، چونکە نەریتی ناو خێزان زۆربەی مافەکانی کچانی زەوت کردووە، یاساکانیش لە کێشە خێزانییەکان بێ لێپرسینەوە لە ژن لایەنی پیاوان دەگرن». وتیشی: «ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن کچ لە بەر مەترسی خەتەنەکردن، یان ناقسکردنی جنسیدان، خەتەنەکردنی کچانیش وەك نەریتێك زیاتر لە ماڵەکاندا دەکرێ، بۆیە ڕەچاو نەکردنی پاک و خاوێنی



جەستەی کچ و بایەخنەدان بە تەندروستیی کچ زۆرجار بۆتە هۆکاری مەرگی ئەو کچانە، بە پێچەوانەوە هەمیشە تەندروستی و سەلامەتی کوڕ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی لە ناو خێزانەکاندا هەیە، ئەوەش جۆرێکی دیکەی چەوسانەوەی مێینەیە و بەشێکە لە جیاکاری رەگەزی».

قاسم عەزیز عەلی، سەرۆکی (رێکخراوی ژیانی تەندروست)ـە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە رایانوایە تەندروستیی ئافرەتان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە ئاستی پێویست نییە. نموونەش بە رێژەی زیاتری گیان لە دەستدانی ئافرەتان لە وڵاتانی دواکەوتوو، یان تازە پێگەیشتوو دەهێنێتەوە. هاوکات دەڵێت: «ئافرەت سروشتی وایە لە رووی تەندروستی پێویستی بە چاودێری زێدەترە، لە کۆنەوەش سەلمێندراوە کە ژنان لە پیاوان زیاتر دەژین، بەڵام تەندروستییان لاوازترە و پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە، ئەویش بە هۆی تایبەتمەندی مێینەیانە وەك قۆناغەکانی باڵغبوون و خولی مانگانە و دووگیانی و منداڵبوون و شیردان و....تاد. ئێمەش وەك رێکخراوی ژیانی تەندروستی پشکی شێر لە پرۆژەکانمان گرنگیدان بووە بە تەندروستیی ئافرەتان و لە رێگەی مۆبایل هەموو رێنماییەکمان کردوون. هەروەها لە تیمەکانمان هەردەم پزیشکی ئافرەتانمان بۆ ناوچە سنووری و دوورەدەستەکان و نێو ئاوارەکانیش بردووە و گرنگی تایبەت بە هۆشیاری ئافرەتان و چارەسەرییان دراوە، لە کەمپەکانیش دیدنگای تایبەتمان بە تەندروستی ئافرەتان دابین کردووە، ساڵانەش لە بۆنە تەندروستییەکانی تایبەت بە تەندروستیی ئافرەتان چالاکیی هۆشیاری تایبەتمان هەبووە».

سەرۆکی رێکخراوی ژیانی تەندروست، لە کۆتایی قسەکانیدا بە پێویستی زانی ئافرەتان خۆیان هەنگاوی زیاتر بەرەو پاراستنی باری تەندروستییان هەڵبگرن و وتی: «راستە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان وەك پێویست گرنگی بە تەندروستیی ئافرەتان نەدراوە، بەڵام بەشێکیشی بۆ خودی ئافرەتان دەگەڕێتەوە کە لە رووی زانیاریی تەندروستی لاوازن و هەوڵی بەدەستهێنانی نادەن، گەرچی زۆر جار بواری تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت».

بەڵام د. فەیسەڵ بڵباس چارەسەر لەوەدا دەبینێت کە دانانی یاسای تایبەت بە قەدەغەکردنی جیاوازی رەگەزی و پاراستنی مافەکانی ژن و منداڵان، رێگری لە پەیڕەوکردنی کەلتووری جیاوازیکردن لە نێوان نێرینە و مێینە دەکات و هەر لە رێگەی یاساشەوە دەکرێن زیاتر بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی ئافرەت و باری تەندروستییان بدرێت».

روڤیا رەمەزان وەك رێکارێکی چارەسەر پێشنیار دەکات لە کوردستانیش وەك وڵاتانی پێشکەوتوو سندوقێکی تایبەت بۆ گرنگیدان بە تەندروستیی ئافرەتان تەرخان بکرێت. نموونەشی بەوە هێناوە کە بانکی نێودەوڵەتی بۆ گرنگیدانی زیاتر بە تەندروستیی ئافرەتان و منداڵان کاری لەو جۆرەی کردووە و وتیشی: «ساڵی ٢٠١٤ وڵاتانی کەنەدا و نەرویج و ئەمریکا و گرووپی بانکی نێودەوڵەتی سندوقێکی تایبەتیان بۆ گرنگیدان بە تەندروستی ئافرەتان دامەزراند، ئەمەش کاریگەری لە سەر کەمکردنەوەی رێژەی گیان لەدەستدانی ئافرەتان بە هۆی نەخۆشی تایبەتی وەك شێرپەنجەی مەمك و ملدانی منداڵدان هەبوو».

**نەریتی ناو خێزان زۆربەی مافەکانی کچانی زەوت کردووە، یاساکانیش لە کێشە خێزانییەکان بێ لێپرسینەوە لە ژن لایەنی پیاوان دەگرن**

**لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان رێژەیەکی بەرچاوی کۆرپەلەکان پێش لە دایکبوونیان بە هۆی کچ بوونیانەوە لە بار دەبرێن، یان وەک پێویست چاودێری ناکرێن و لە تەمەنی ساواییدا گیان لە دەست دەدەن**